## لەخەوما چووبووم بۆ كۆریا.. !! كەریم مودەریس

شەوی ئەو رۆژەی كە یەك لە هاوەڵەكانم پیِیَ گوتم خۆشم نازانم چۆن ناووم بەگەڵ یەك لەو شاندانە كەوتووە كە ناوەناوە هەندێ رێكخراوی بیانی بەتایبەتی تیپی زەیتوون بەناو بۆ تەكنیكاران بۆ كۆریا رێكیدەخات و بەرپرسان لەجیاتی ئەوان ئەزیەتی سەفەرەكە دەخەنە ئەستۆی خۆیان، خەوی هێندە قورسم بینی وامدەزانی پارەی فەقیرێكم دەستكاری كردووە كە بە سەد عەریزە لوتفێكی حكومەتی بەركەوتووە. هاتمە ئەو قەناعەتەی كە دیارە راستە خەو تەعبیری كردەی رۆژە بۆیە تا ئێستەش هەرزەكارەكانمان لە جیاتی ئەوەی وەك دەڵێن شەیتان پێیان پێبكەنێ سیاسەتوان پێیان پێدەكەنێ و خەوی سیاسی دەبینین، بگرە زۆرجار ئەوانەی وادەزانن یەك ئیدارەیی عەقلییەتی كاركردن دەگۆڕێ خەوی ئیداریشیان بینیوە، ئەمە جگە لە خەوی جرناوفرنا بە گۆڕانكاری سەردەمانەی شارەكان و نوێژی باران راگرتن لەبەر خاتری زێرابە ناسكەكانمان كە دلمَان نایە لەزستانان بەكاریان بێنین.

بۆ نموونە جگە لەو خەوەی كە چووبووم بۆ كۆریا جارێكیان خەووم بەوەوە بینی كە زەوی كەلەكەی گۆڕیبوو و باشوورو باكووری گۆی زەوی جێگۆڕكیان پێكرابوو. لەو خەوەدا هەندێ لەئێمە بەر ئەمریكاو هەندێكیش بەر ئەوروپا كەوتبوو. ئەو ئۆتۆمبێلە سپییانەی (یوئێن) هەمووی سەوزو زەرد بوون، هەندێ (پدك) لەسەریان نووسرابوو و هەندێكیش (ینك) . بەڵام ئەوەی ناخۆشبوو لەو خەوەدا بینیم ئەوە بوو كە جوگرافیاو پێشكەوتنی ئەو ناوچانە زۆر سەخت بوو لەسەر مەعیدەی ئێمە. هێندەش سامانی ئەو ناوچانەمان بەلاوە سەیر بوو كە هێندێكیان لەبن نایەن نەماندەزانی چییان لێبكەین و دڵیشمان نەدەهات لە پێویستی خەڵكدا سەرفیان بكەین بۆیە وردە وردە دەستماكرد بە داكردنی زۆربەیان بۆ خۆمان واماندەزانیی خەڵك بەو داكردنە نازانێ تا كارگەیشتە ئەوەی گرانییەكی جیهانی لەویش پەیدا بوو و كورد لەو نێوەندەدا ببوو بە عەزیزی میسر هەمووی دەهاتە بەردەرگەی ئەو تا خێریان پێ بكات. ئەوەمان قۆزتەوە تا بیكەین بە مەیدانی خۆمان بۆ كاری بارزگانی.

بەرپرسانی ئێمە لەو خەوەدا بەماڵ و منداڵەوە داخلی خەستەخانە كرابوون چونكە هەر هەموویان تووشی توخمە هاتبوون و سكیان ئاوسا بوو. وەلحاسڵ ئەویشیان خەوێكی زۆر خۆش بوو بەڵام كۆتاییەكەی زۆر ناخۆش بوو چونكە ئەو ناوچەیەمان هێندە دواخست تا قەومێك پەیدا بوون و لەوێوەش شاربەدەریان كردین.. !!

لەم خەوەی كۆریاشدا شتی زۆر سەیرم بینی، بۆ نموونە ئەندامانی شاندەكەمان نەیاندەزانی بۆچی هاتوون. هەركە گەڕاینەوەش نەیاندەزانی فێری چیی بوون. لەوێش كە قسەمان بۆ دەكرا لە گوێچكەی ئەملایەمان ندەچووە ژوور تا لەولایەوە بێتە دەر.. !!

لەو خەوەمدا هەرچی بەرپرس هەبوو لەگەلمَاندا بوون، زۆربەیان بەرێوبەری گشتی و هاوكۆفی ئەوان بوون، جگە لە ئافرەتی جوان جوان كە واتدەزانی بووكی بەفرن. زۆربەی ئەندامانی ئەو شاندە ئەهلی كار نەبوون هاتنیان نەك هەر زیاد بوو بەڵكو شوێنی كەسێكیان گرتبوو كە ئەگەر سەفەری بكردایە سوودێكی بۆ وڵات دەگێڕایەوە. لەو خەوەدا بەر لەسەفەر كردن لیستەكەیان بۆ هێنابووم و ناوی منی تێدا بوو، بۆیە لەخۆشیا لێم تێكچووبوو دەمگوت ناچم. هەركە من گوتم ناچم دەیان كەس هاواریان دەكرد و دەیانگوت با

ئێمە بچین لە جیاتی تۆ. لەپاشان خۆم بۆ ئەو سەفەرە رێکخست، حسابی ئەوەشم دەکرد کە ئەو برە پارەیەی لەگەڵ سەفەرەکە پێمانی دەدەن خەرجی نەکەم وخۆم بە هاوەڵەکانمدا شۆربکەمەوە بەشکو ئەمە خوایە بتوانم لەدوای هاتنەوەمدا سوودی لێوەربگرم. لەدوای ئەوەی جەوازیشم تەرتیب کرد لە خەوەکەدا بینیم جەماعەتێك دەچن بۆ کۆریا و منیش لە نزیك فرۆکەکەوە وەستابووم دەمویس سوار بم نەمدەتوانی نەشمدەزانی بۆ من بەگەڵ ئەوە سەفەرە ناکەووم.
کەچی لەدوای ئەو دیمەنە بینیم منیش لەگەڵیان چوومەتە کۆریا. هەرچەند سەردانی وەزارەتێك یا فەرمانگەیەك یا شوێنێکی گشتییمان دەکرد خویزم (کە ناوە علمییەکەی تفە) لە خۆم دەکرد چونکە پتر بێ بەهایی مرۆڤم لەولاتی خۆمدا بۆ دەردەکەوت. !!
هەر لەو سەفەرەدا سوعبەتێکم لەگەڵ پیاوێك دەکرد نەمدەزانی کێیە بەلام هەستم دەکرد دەمێکە یەکتر دەناسین، هێندە سادە بوو بیرم لەوە دەکردەوە کە کچێکی بۆخۆم بخوازم تا ناسنامەی کۆریام پێبدەن و واز لەم ولاتە بۆگەنەی خۆم بێنم، لەپاشان دەرکەوت ئەمە وەزیری دیفاعە هێندە خۆش خوانە بەلام تێنەدەگەیشتم وەزارەتی دیفاع پەوەندیی چی بە سەفەرەکەی ئێمەوە هەیە.. ؟!
لەم خەوەدا شتی زۆر سەیرم بینی کە هەموویم نایەتەوە بیر بەلام ئەوەندەم هەر لە خەیاڵە کە لەوێدا هەموو شتێك لە پێناو مرۆڤایەتییە و گەیشتوون بە ترۆپکی رێزلێنان لە مرۆڤ کە ئەمە بەختەوەریی و ئارامیی بۆ پەیدا کردبوون بە پێچەوانەی ئەوەی لە ولاتەکەی مندا رێزلێنان بۆ ئەوانەیە کە دەبێ بەڵگەنامەیەك بەدەستەوە بدەن تا ناویان لەلیستیی بەرێزەکەنادا تۆمار بکرێ و بەقەد هێزی ئەو بەڵگەیە مووچەیان لەوەزارەتی رۆشنبیریی بۆ ببرێتەوە.. لەم ولاتەی مندا هەموو شتێك لە پێناو هەڵکێشانی رەگی ئەم مرۆڤایەتییەیە کە دڵەراوکێ و سەرلێشواوی بۆ دروست کردووین. بۆیە بەبێ ئەوەی گرفتێکیشمان هەبێ هەردەم دلەَان وەك ئەو بەرێوەبەرە گشتییە تەنگە کە حکومەت فلیسێ عانەیەك بۆ فەرمانبەران زیاد دەکات کەچی ئەو بەدوای بەهانەیەکدا دەگرێ هیچ نەبێ مانگێك درەنگتر بەریان کەوێ، ئەگەر ئەوەشی بۆنەکرێ حەفتەیەك دوای ئەوە شەونوێژ دەکات و دەپارێتەوە کە بەر لەوەرگرتنی ئەو برە پارە زیادەیە بازار بفرێ نەبادا فەقیرێك تەنانەت فانیلەیەکی عەللاگەی بۆ بکرێ کە ئەو هەیەتیی.. !!
تێبینی: نازانم لەبەر ئەوەیە کە گرفتەکان هەموویان کەشفن و خەڵك هەموویان پێیان دەزانن یاخود لەبەر بەد بەختییە کە ئەوە پتر لە جارێکە لەگەڵ کاك ئیسماعیل بەرزنجی رۆژنامەنووسدا لەسەر بابەتێك دەنووسین. ئەو بابەتەم هێشتا رەوانە نەکردبوو کە بابەتەکەیم بەناوی (ئیفادات و خاریجات) لە ژمارە (2059) ی رۆژی 2006/2/16 ی خەباتم خوێندەوە. بەڵام لێتان ناشارمەوە نەدەوێرام زۆر پێبکەنم چوونکە دوو بەرێوەبەری منیش سەردانی کۆریایان بەرکەوتبوو. جگە لەچەند بەرێوەبەری دیکەیشم کە لەدەزگای سەتەلایتی کوردستاندا ئەو سەردانەیان بەرکەوتووە، کە رەنگە سەردانەکانی دیکەش هەر بەر بەرپرسەکان بکەوێ بۆ ئەوەی تۆزێك دونیا ببینن و مەڕ بەپێی خۆی بزن بە پێی خۆی هەڵبواسن.. !!